# هەگبەکەی ئەمڕۆ

(بەشی یەکەم)28-04-2005 ئە.کەمال غەریب ک.

ڕووداوەکان نابێت وەک شنە بیا بەلای گوێماندا گڤەبکات گەر ڕویدا و هەڵوێستمان نەبوو وە خۆمانکرد بەکەڕەی شەربەت لێی یانی شەریکین ناڕاستەوخۆ لەو تاوانەدا کە دەرهەق بە نەتەوەکەمان ئەکریت کەواتە ئەتوانین بپرسین کوا ئەو هەستە کوردستانییەی کە تیاماندا هەیە.کەترۆمبیلێک لە وولاتانێکی خاوەن یاساو لێپرسینەوە لە سنووری یاسای هاتووچۆ لائەدات گەر پۆلیس نووستبێت ، بیگومان کامێراکانی چاودێری نەنووستووە، بۆیە ئەو کەسە هەر کەسێک بێت، ئەبێت سزایی تاوانەکەی وەربگرێت.لێرەدا من ئەمەوێت بلێم لە وولاتێکی خاوەندار ئەبێت کەسێک یان کەسانێک ئاگاداری ڕوداوەکانبن( بۆ ئەوەی بڕیارێ گونجاو بدەن لە کاتی گونجاودا) بەتایبەتی ئەو نەتەوانەی خاوەنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیانن هەمیشە خەتی سووری خۆیان هەیە کە هیچ دەولەتێک یان نەتەوەیەکی تر بۆیان نییە ئەو هێڵە سوورە ببەزێنن.

( بەداخەوە ئەوەی لای کورد نییە ئەمەیانە؟

لە وولاتەکەی من: کێ خاوەن ماڵە(کەس)کێ خۆی بە خاوەنی وولات ئەزانێت( نیشتمانی کوردستان نەک عێراقی نیشتمان) دیسان کەس!بەڵام ئێمە

جیاتر لە هەموو نەتەوەکانی سەر زەمین خاوەنی حیزبین(ئیمە خاوەنی ئاسایشی حیزبین( نەتەوە و خاک ئەبێت ملکەچی حیزب و تازەترین ئەندامی حیزبیش بێت) تەنانەت سیمبۆلی حیزب کە( پەڕۆیە) زۆر پیرۆزترە لە ئالای کوردستان.!!(کەس بۆی نییە ئەم هێڵە سوورەی حیزب ببەزێنێت).

1: وەفاق سامەڕائی،سەرۆکی دەزگای سیخووری عێراقی بەعس کەکاتی خۆی لە وولاتەکەی منەوە ئاودیوکرا بۆ ئەورووپا(ئایا بەچیو چۆن ئەوە لای خوودایە)، کە دەستی سوورە بە خوێنی هەزارەها کورد( هەموو پلانە سەربازییەکانی سووپای عێراقی داگیرکەر وەفاق و وەفاقەکان لە پشتێوەن

( هەموو کاولکارییەکانی سووپای عێراق بۆ کوردستان لە ژوورەکەی وەفاقەوە مۆرکراوە و ئۆکەی دراوەتێ)، ئەمرۆ پلەو پاییەی سەردەمی عێراقی مۆدێرن و دیمۆکراتی پێئەدرێت،(کورد بۆ هەرئەبێت مامەڵەی سیاسی لەگەڵ ئەم ڕوڕەشانەدا بکات( کە مێژوو هەزارو یەک نەعلەتی لێکردوون)کە لە ویژدانی کوردی بەشەرە فداچیتر جێیانابێتەوە)با بپرسین لە کوردی بەعێراقی کراو کوا بوونو هەڵوێستان بەرامبەر ئەم جۆرە نامەردانە مەسەلەکە تەنها یەک وەفاق نییە بەڵکوو سەدان هاوڕێی وەفاقە کە دەسیان سوورە بە خوێنی گەلی کوردی هەژار و بێکەس.

خۆفرۆشە کوردەکانی بەعس دوای ڕمانی ڕژێمی فاشی بەغا لە کوردستانی ئازادا بەچەپکە گووڵو زەردەخەنەوە پێشوازی کران(ئێستاش جێی ڕیزو پیزانینی پارتە کوردییەکانن) خۆفرۆشی و تاوانکردن بەرامبەر بە خاک و نەتەوە ئەمرۆ لای کوردی دەسەڵاتدار بووە بەکلتوور { لای کورد جاشی باش و جاشی خراپیش هەیە هەر وەک چۆن بەعسی چەپو ڕاستیان دروستکردووە}. ئەم تاوانبارە و هەموو ئەوانەی هاوشێوەی ئەون ئەمڕۆ ئەبێت ڕابکێشرێن بۆ دادگای نێودەوڵەتی تا بەسزای گەلو نیشتمان بگەن!هەی ڕەحمەت لە شیرەکەت حەسەنە فەندی..!!!

2:ئەیاد عەلاوی تا سەرۆک وە زیرانی عێراقی کاتی بوو. یەک ووشەی بە پۆزەتیڤی لە سەر کورد نە درکاند، تەنانەت لەسەر کەرکووک هەڵوێستی وەک ئە هەلی یاوەر{تەنانەت فەرمانی لە سێدارەدانی دەنگی ڕێفەرەندۆمیاندا} لەمەش خەمبارتر عێراقی فیدراڵی تەنها لە میدیا کوردییەکاندا دەنگی هەیە. ئەم عەلاوییە یان باشترە بڵین ڕەفیق عەلاوی ، یەکێک ببووە لەسەرانی بەعسی ئەفلەقی، گەردەستی نە بێت لە پلاندانانی ئەنفال و جێنۆساید ئەوە بێگومان دەستی هەبوو لە تاوانەکانی 1963 یان باشترە بڵێین ( مەنعەتەجەولەکەی شاری هەلمەتووقوربانی) گەر دەستی چڵکن و ژەهراوی نەبێت لەم تاوانانە ئەوە دەستیان سوورە بە ناپاڵم بارینەکەی 24-04-1974 لە شاری قەڵادزێ یان ئەوەی شاری هەڵبجە).خۆ من دوو دڵ نیم لەوەی کە ڕەفیق عەلاوی دەستی هەبووە لەلێدان و ئەشکەنجەدان و فەرمانی بەندکردن و تەنانەش لە سێدارەدانی دەیان کوردی نیشتمانپەروەر!!! گرگنی و کرمنی و ژەنگرتووی مێشکی کورد لەوەدایە کە فتووای ئەوە ئەدەن گەر رەفیق عەلاویی کە نوێنەری بەعسیە(پێشکەوتووخوازەکانە) بەشداری نەکات لەم حکوومەتەی عێراقدا لیستی کوردستانی ئەکشێتەوە.هەموو کێشەکانی ئەمڕۆی ئەلجەعفەری لەوە دایە کە لیستی کوردستان شینی بەشدار بوونی ئەهلی علاوی ئەکات بێ ئەوان

حکوومەتی یەکێتی نیشتمانی عێراقی نابێت.! لەکۆتایدا ئەلجەعفەری ئەمڕۆ بریاری دروستکردنی کابینەکەی خۆیی داو(هیچ حسابێکی بۆ ڕەشماڵی بەعسییە سونییەکان نەکرد ئەو هەموو هاوار هاوارەی کوردی عێراقی بەفیرۆ ڕۆی).
ئا ئەمەیە تۆڵەی شەهیدانی قەڵادزێ ..هەی ڕەحمەت لە حەسەنە فەندی بۆ شیرە کەت..!!

3:کاتێک جینۆساید کەرێکی وەک نزار خەزرەجی پەتی بەندی ئاڵێنرا لە پێو دەستو مە چەکی لە دادگایی دانمارک ، کەس بە فریای نەهات کوردی عێراقی نەبێت(نامەکانی حیزبە کوردییەکان بۆ سەرۆکی دادگای دانمرک شاهیدن)، ( هەر وەک چۆن لە کوردستانەوە بەڕێکران بۆ هاندەران) هەر لە دانمارکەوە گواستیانەوە بۆ عێراق چۆن و بەچی ئەوە خۆیان ئەزانن.!!ئێستاش دادگای دانمارک بەدوایدا وێڵە. لێرە ئەوەی گرنگوو گرانە هەڵوێستی پارتی کوردیە کە لە خزمەتی عێراق و بە عێراقی کردنی کوردستان بوون( کە ئەمە دژی یەکێتی نەتەوەیی کوردە هیچ نەتەوەیەکی غەیرە کورد قبووڵی ناکات)،کورد بە 50 ملیۆنەوە نەیانتوانی یەک ئەنفالچی بە دادگا شادبکات، قبووڵی هەمیشە سەروەری نەتەوەی باڵادەستی کردووە(تەنانەت تاوانەکانیشیان( کەرکووک بوو بە برۆکسێل بەعەرەبکردنی کەرکوکیان پێقبووڵە؛ئاوارە هەرە ئاوارەیە)، فێدراڵی[ خەوی نەمری کورد] وەک ئەوەی ئەڵمانییایە[ یان وەک مۆدێلی ئەمریکییە] نە نەتەوەییە و نەجوغرافیایە،

4:کابینەکەی حکوومەتی عێراقی ڕاگەیەندرا هەموو وەزیرە کوردەکان توانا و دەسەڵاتی یەک وەزیری عەرەبیان نییە{ هیچ دوور نییە لە ڕووی موچەشەوە لەوان کەمتریان پێببڕێت } بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لەسەر بنچینەی خزم و خزمایەتی پێکهاتووە.

5: ئەمڕۆ دوایی چەندەها کۆبوونەوە هەمووی لە پشت پەردەوە کە خۆشیان نازانن چەندە( پارتی و یەکێتی) نەیانتوانی بگەنە ئەنجام {پەرلەمان گەر چاوەڕوانی ئەوان بێت ئەبێت بێشێو سەربنێتەوە  ئەوە خەڵکی کوردی دەرەوەی ئەو پەلەمانەو ئەوان دەمێکە بێ هیوان}.

6:کورد نەیتوانی تائەمڕۆ یەک پیت یان یەک سیمبۆل لە ئاڵاکەی سەدامی عەفلەقی بگۆڕێت{کوردی عێراقی ئەمڕۆ خاشیعین لە بەردەم  ئەم ئاڵایە وەستاوە} .

لە یادی ئەنفال و کیمیابارانی کوردستان کورد ئەبوایە سەری بە حکومەتی عێراقی تازە شۆڕبکردایە کە داوای لێبووردن لە سەرجەم نەتەوەی کورد بکات( هیچ نەبوایە مەرجی بەشداریکردنیان بووایە لەو عێراقەدا)لەو ڕۆژی(16-03-2005)عێراقی فیدڕاڵی ئەبوایە یەکەم بریارِی دابەزینی ئاڵای عێراقی بووایە بۆ چەند ڕۆژێک لە هەموو عێرقدا.لە ڕۆژی 16-03 کە تەوقیتی کورد بوو بۆ کردنەوەی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق سەرۆکی عێراق ئەهلی یاوەر بەیەک ووشەش باسی نە کیمیا بارانی کرد نە ئەنفالیش نەئاڵای سووکو ڕسوایان بۆ ساتێک هێنرایە خوارەوە.

( دوور نییە ئارەبەکان داوا لە کورد بکەن یان فەرزیکەن کە کورد داوای لێبووردن لە وانبکەن( بە هۆی کوشتنی ڕۆڵە نەبەردەکانیان لە شیمالی حەبیب هەر وەک چۆن لە توورکیا فەرزکرا بەسەر پەکەکە دا.هەی



ڕەحمەت لەخۆتوو شیرەکەت حەسەنە فەندی..!!